## له نێوان زیخ و ئه‌ڵماساندا

## قامگه‌لی وێنه‌خه‌و

شاعیر: ئیحسان ته‌به‌ریی

وه‌رگێر : حه‌سه‌ن ئه‌یوبزاده

ده‌ماری رووباران ژیانده‌به‌خشنه به‌ر ماسۆلکه‌کانی زه‌وی

له کپ و کڕیی گڕه به‌رد و داڵاشاندا

با، به زمانی شه‌پۆل ده‌چڕێ.

لێره‌واران له‌وێ دارماڵ له بێده‌نگین و

له هێمنیی بیاباندا

شه‌ونمی کوڵمی هه‌ڵاڵه‌ی نه‌که‌وی ده‌دره‌وشێ.

شۆڕه بی ،وه‌کو بووك،سێڵاوی سه‌رکێشی پرچی

به‌سه‌ر گوڵکه‌فی پێڵدا ده‌پژێنێ.

له پێکهه‌ڵپرژانی *پێڵ و گاشه‌به‌رد

به‌سه‌ر ریزی گوڵان و نێزه‌ی ره‌نگ ئه‌رخه‌وانی گیادا

ده‌سته‌یه‌ك کۆتری بلوورین ده‌فرن.

بۆنی عه‌ترێ که له‌وڕا دێ ره‌گی ژینم ده‌سمێ.

زەمانێ کە لەزەووزا دایە کاتێ کە دەگۆڕێ

دەمێ کە تۆفانسازە

هەموو کات با، هاودەمی پەلکوتی هەورە

تەلی زێوینی باران

بەرومای هەمیشە جوانی سەروی بەنازەوە

بە سەرکۆترەباریکەی باشوریی کە لەسەر داری هەنجیر نیشتوون

بەسەر بنچکی دڵگری ئاماڵ *هورما دەکشێ.

شەبەقی رۆشنکەرەوەی چاو، دەست لەملی جریوەجریوی بەیان

لە نێو کۆڕی ستێران ڕا دەبێ

بای سەرەرۆی سەرخۆشکەرەش لەگەڵە و

گژو گیای

ڕیشە لەکۆتوبەنددا

وە هەڵپەرکێ دەخا.

ئەو دەمەی رۆژێکی نوێ *دەگووڕێ،

لە چێوی  شلك و لەبار

چەقەرەی نوێ چێ دەبێ و

ریشە لە تاریکیی زەویدا

ئێسکی بەرد لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێ و

( گاڵتە بە لوتبەرزیی و کەللە رەقیی بەرد )

پەلکە زێرینەی بەلەرە لە تروپکی رەنگ پەریوی ئاسمان

هەنگاوی بەویرەی خۆی

بە سەر مێرووی رەبەن پیشە و

فڕینی چەشن وەنەوشەیی پەپولە و

نیگای گۆگردیی گەلە رێوی و

چاوی شەراویی‌رەنگی ئاسکان و

باڵی دلۆڤانی پەڕەسێلکە

دادەنێ و

تا تیپی هەڵۆیان لە ئاسمانی کەوەیی و

تەلەسمی سپی بەفر لە تروپکان و

دەریاچەیەك کە بەنێوچاوانی زەویەوە دەدرەوشێ

شەبەقی دەروا.

لە شەوی زەویدا

کاتێ مار لە زەلەقی پڕ سوورڕو رازدا دەنوون و

داڵاش ، شای مرۆڤخۆران لە هێلانەی دەخزێ و

ژیان سەرجەم لە رەشاو هەڵدەکێشێ و

خۆڵەمێشی فەرامۆشی

بەسەر خۆڵی هەلالە و گرانەتای گوڵی زەرددا دەپڕژێ،

من لە تەنیایی پڕی شانازی تروپکان دە فکرم

لە سوڕی بەرهەمی نەمریی هێمایان و

تۆزی تۆوگەلی کەسکیش.

ئاخ ، رۆژ دادێ

ئەستوندکی زێرینی خۆر

لە سەر زێوی مژاویی ئاو

ئاوازی خەملێو لە جوانیی، لەخەو هەڵدەستێنێ کە

دیرۆکی نوێیان لێ دەپشکوێ.

قریوەی شاباز بەرەو بەرزیی ئاسمان دەکشێن و

پیرۆزە لە تاریکەسەلاتی کانزا دەڕەون.

رەبەنانیش بە روخساری کەسك و

بە نزاوە

خوازیاری تێچزانی شەو لە گومبەزیی ئاقیقن.

بەڵام لێرە

تریفە  شۆقی لە داوێنی چیایە

لەزی مێروی بیابانیش لە غوماری گەرمدا

نووستنی مەرجانی ئێوارە لەسەر ئاڵتونی دەغڵ و دان

مرۆڤیش

وەکو * پۆیە ك لە قوماشی ئەرد

شمشێری پۆلاییینی خۆی

لە رەبەن دەکوتێ.

نور و کەرەسە تێك دەچزێن و ریشە بلوورین دەکا

کاتی کە هەوێردە لە خەو ڕابووبێ

تریفەی جیهان بە سەر نەخش و نیگاری شاڵ دا بخوشێ

وەك تەكوزیی كەندوو

شار چێ دەكرێن و

لە خومی گەورە، شەرابی شادمانی وەدەخون.

وەك دووكەڵێ كە لە ئاوابوونی ئاسۆ هەڵدەستێ

یاوەكو پاكژە ئاوێ لە شەوێكی زوڵاڵدا

من چەشنی هێلانەیەكی چۆڵم

لەم كەوشەنی ئاسمانەوە تا كەوشەنی تر

بە و سینگە ئاواڵەیەوە

بەرەو با ، كە لە دەریاوە دێ

وەستاوم.

پاییزێك بەناچار لە رێ دایە ودێ

شەویش دیواری رەشی خۆی

بەسەر م دا دەڕمێنێ

بەڵام زەنگوڵەی روناكی ئاو و

هەنگامەی شاران

لە ژیان دەدوێن ، لە شۆرش.

بەڵێ ، دەمارگەلی هەر هەی چارەنووسیش

بەنێوان زیخ و ئەڵماس دا رادەبرێ.

*ماسۆلکە: ماسۆڵە، مایچە، وەرسە، مایچەی لەش. ف : ماهیچە،عضلە

*پێل: شەپۆل، هل، ف: موج

پۆ: تێهەڵکێشی رایەڵ، هاورێی تان و رایەل لە قوماشدا ف: پود

**مانای ئەم شێعرە و روونکردنەوەیەك**

لە پێشەکیی پچەپچی پاییز یان سرت وخورتەکانی پاییز دابە کورتی لەسەر روانگەی هونەریی ئێحسان تەبەری باسێك کرا. ئەوە ی لەمەولا بەبەرگ و پیتاکی هەمەجۆرە، بە خشڵ و ئاڵاو واڵای رەنگاورەنگیی کیژەکوردەوە دێتە سەر شانۆی هەڵپەرکێ شێعر، شێعری« ناب»ە کە دەکرێ بە شێعری نەئاسایی، بێگەردو بێخەوش یان شێعری هونەریی بۆ هونەر ناوی لێ بنرێ. لە زمانی فەلسەفیی تەبەریدا، شێعر لە شۆرش، لە شەڕی نێوان تریفە و تاریکیی، لە جوانیی سروشت، نەخشی شوێندانەری مرۆڤ و ئەرکی ، بەرداوامیی ژین و بنەماکەی، چوار هێمای سەرەکیی بیرمەندانی یۆنانی کەون واتە ئاو، با، ئاگر و خاك دەدوێ. بە

ئاڵوگۆڕەکانی سروشت دا هەڵدەلێ. دەبێ بگوترێ لەو روانگەیەوە کەس دەسکی لەدوناکا و بەر لەویش لە شێعری فارسیدا کەس بەو بوارەدا نەچووە. یا ئەگەر بووبێ لە بێخەبەریی منەکە بەدوویدا نەچووم. لەبەر ئەوە بە پەرۆشەوە و بە لێکدانەوەی ئەم شێعرە، دەمەوێ جوانیی کەم وێنەی خەیاڵی شاعیر بە بەرگی کوردییەوە ببەمە نیگارخانەی نیگار کێشان تا رازاوە خەیالی شلك و ناسکی کوردەواری لەگەڵ خەیاڵی پر لە هەیبەتی زانای ئەو بەشە کە بە شاعیری چینی کرێکاری پێشەیی ناودێرە و هەموو جیهان لە بێنەو بەرە و شەر و شۆری بەردەوامدا دەبینێ ئاشنا بکەم.

سەرنج راکێش ئەوەیە کە جوانیی و ئەوین و خولیاییەك لە دیوانی شاعیران دا دەبیندرێ لە شێعرەکانی تەبەری دا بە دەگمەن بەرچاو دەکەون. ئەو کەم هەیە لە تاك بدوێ. ئەو هەموو تشێ لە کۆدا دەبینێ. خەیاڵی ئەولە لەدەوری خالی روومەت و سای گەردن و چزە و سوتانی دڵ بە دوای وەفای یاردا ناخولێتەوە. جیهانی ئەو وەکو شێعرەکەی لە چەشنێکی ترە.

مانای ئەم شێعرە :

دەمار یان رەگی چۆم ماسولکەی زەوی پاراو دەکا بۆ ئەوە وەبەر بێ. چەم و روباری بە رەگی لەش شوپاندوو و ئەردی بە ماسۆلکە. لێرەوە سەرەتای هەبوون دەست پێدەکا. ئاو هەیە و ئەردی پێ پاراو کراوە. بەلام جیهان لە بێدەنگی و کپی دایە. گرەبەرد و دالاش( ئاوێتەیەکە لە خاك و ئاو). ئاو خاك دوو لە لە چوار هێمای ( ئاو،خاك، با و ئاگر) واتە یەکەم دوو بوونەوەری گەردوونن کە هاتوونە سەر شانۆی وجود. بە پێچەوانەی کتێبی پیرۆز کە دەڵێ: خوا لەبەدا ئاسمانی ئافراند و پاشان زەوی ، دوایەش ئاوو رۆشنایی.

با، بەزمانی شەپۆل دەدوێ. بزووتن و حەرەکەت لە تێکەڵ بوونی هەوا و ئاوە لە سەر ئەرد و ئەوەش پەردەیەکی دیکەی نومایشی وجوودە.

لێرەوار واتە جەنگەڵ کە نموونەی ئاوەدانیی و دەنگ و هەرا و بزووتنە. لەو سەرەتایەدا کپ و بێدەنگە. چۆل لە بوونەوەری زیندووە. لەو

هێمنییەکە لە بیاباندا هەیە ، شەونمی رومەتی *"هەڵاڵەبرایمە" دەدرەوشێتەوە.

شۆرەبێ وەکو نۆ بووك، پرچی پەرێشانی بە سەر شەپۆلی دەمبە کەفی روباردا پرژاندووە.

کاتێ کە شەپۆل خۆی بە گاشەبەرددا دەدا پڕیشکی ئەو شەپۆلە لە بیچمی کۆتری سپی وەکو بلوور، بەسەر تیپی گوڵان و گیای وەکو نێزەی ئەرخەوانیی ڕەنگدا دەفرن.

بۆنە خۆشێك کە لەوێ هەڵدەستێ دەچزێتە نێو رەگی ژیانی منەوە.

کات لەمەولا خولقێنەر و خولقاوە. ئاڵوگۆر لە زەماندا پێك دێ. زەمان لهی وتۆفان وەرێدەخا. تۆفان بێ هەور و هەڵا و گەڕانی هەور نییە.

تانی زێوینی باران، بەسەر داری هەمووکات سەرسەوزی سەرو و قومری باشوریی کە لەسەر داری هەنجیر نیشتوون و بەسەر بنچکی دڵرفێن رەنگی وەکو روئیا دا دەکشێ.

سوورایی پاش ئاوابوونی رۆژ لە قەراخی ئاسمان کە روناکیدەری چاوە، لە گەڵ جریوەی دەمەو بەیان لە نێو ئەستێران هەڵدەستێ، بای سەرەرۆی سەرخۆشکەرەشی لەگەڵە و گیای پێ لە کۆت و بەند گرفتاریش دەخاتە سەما.

ئەو کاتەی رۆژێکی نوێ سەر هەڵدەدا،

چرۆی تازەلە چێو سەر وەدەر دەنێ

ریشە لە تاریکی زەویدا

ئێسکی بەرد شەقار شەقار دەکا ( لەو حاڵەدا تەشەر دەدا لە غللوریی و کەللەرەقیی بەرد).

پەلکەزێرینەی بەلەرەی تەوێشقی ئاسمان، هەنگاوی بە ویرەویری خۆی بەسەر مێرووی رەبەن پێشە واتە چۆڵگەنشین و فڕینی ئاماڵ وەنەوشیی پەپوولە و نیگای گۆگردیی رەنگی رێوییان و دیدەی شەرابیی رەنگی ئاسکان و باڵی دلۆڤانی پەرەسێلکەدا دەنێ، تا تیپی هەڵۆیان کە لە ئاسمانی رەنگ لاجوەردیی دا دەفرن و تا تەلەسمی سپی بەفری سەر ترۆپکی زەردوماه و گچکە دەریایەك کە بە نێوچاوانی ئەردەوە دەدرەشێتەوە شۆقەکەی دەروا.

لە قوڵایی زەویدا کاتێ کە مار لە زەلەقی پڕ لە ڕەمز و ڕاز دا لێی دەنوون و داڵاش شای مرۆڤخۆران دەخزێتە هێلانەکەیەوە و سەرانسەری بوون رەشاوی پێدادەکرێ و خۆڵەمێشی فەرامۆشیی بە خاکی هەڵاڵە و تاووتۆی گڵی زەرددا دەرژی، من لە بیری تەنیایی بە شکۆی ترۆپکاندام و سوڕی خولقێنەری نەپساوەی هێمایان و تۆزی تووی سەوز دێنمەوە یادم.

* هەڵاڵە برایمە گوڵێکە بە لەرانەوەی پێی سەماکاران لەدەور و بەر و بیستنی دەنگێکی بەسۆز، شەونمی چون فرمێسك لە روی دەنیشێ و ئەو حاڵەتەی بە گریان شوپێندراوە. کاتێ کیژ و کور دەچنە لای وبە ئاهەنگ دەبێژن: هەڵاڵەبرایمە گریگری، کەوتە ژێر پێی درنج پەری. لەو حاڵەتەدا سیس هەڵدەگەرێ. داوەت کە بگرن و بەدەوریدا هەڵپەرن، ئەویش تورت و جوان قیت دەبێتەوە.